# میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ مێژووی ئیسلامییدا

(PP 464 - 475)
https://doi.org/10.21271/zjhs.23.s4.31

**ئاراس محمد صالح**
کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان / زانکۆی سلێمانی
arashama70@hotmail.com

**Supplementary** Vol.23, No.4, 2019
The Texts and Heritage:
"Readings and Reviews"

**پوختە**

ئەم توێژینەوە باس لە گرنگی و بایەخی مێژوو دەكات، بە تایبەتی مێژووی ئیسلامی، هەروەها ئاماژە بە دواكەوتن و پاشان تۆماركردنی مێژووی ئیسلامی دەكات، توێژەر باس لە میتۆدی نوسینەوەو لێكۆڵینەوەی مێژووی ئیسلامی دەكات، لە هەمان كاتدا باسی ئەو هۆیانە دەكات كە بووەتە هۆی تێكەڵاوبوونی دەیان باس و بابەتی لاوازو ناڕاست بە مێژووی ئیسلامی.

ئەوەی جێگەی باسە هەندێک مێژوونووس و توێژەر کە باس لە مێژوو یان مێژووی ئیسلامی دەکەن بۆ مەبەستی سیاسی و یان ململانێی فکری بەکاری دەهێنن، نەک بۆ مەبەستی زانستی و دۆزینەوەی ڕاستی، هەربۆیە ئەم توێژینەوە تیشک دەخاتە سەر ئەم بابەتە، لە هەمان کاتدا باسی ئەو میتۆدە زانستیە دەکات کە پێویستە پەیڕەو بکرێت لەکاتی توێژینەوەی مێژووی ئیسلامییدا، هەتا بتوانرێت مێژوویەکی زانستی و ڕاست تۆمار بکرێت و توێژەر نەکەوێتە هەڵەی زانستی و میتۆدیەوە.

**کلیلی توێژینەوەکە:** مێتۆد، مامەڵە، مێژوو.

## 1- پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە لە سەر هەموو نیعمەتەكانی بە تایبەتی نیعمەتی ژیری و زانست، درود لە سەر پێغەمبەر و هاوڵان و شوێنكەوتوانی هەتا ڕۆژی دوایی.

بێگومان مێژوو لە بیر و گوتار و دنیابینی موسڵمانانیدا ڕووبەرێكی گەورە داگیر دەكات، لەیەك كاتدا بۆ پیشاندانی وێنای جوانی ڕابردووی موسڵمانان و ئەو خزمەتانەی پێشكەشی مرۆڤایەتیان كردووە لە هەموو ڕوەكانی بیر و ڕۆشنبیری و شارستانی و ئازادی مرۆڤ، لە هەمان كاتدا بۆ جەختكردنەوە لە سەرچاوە ڕەسەنەكانی ئیسلام پشت بە مێژوو دەبەستین، هەروەها بۆ تەفسیری زۆر دەقی قورئان و سونەت دەبێت بگەڕێنەوە بۆ مێژوو، هۆی دابەزینی ئایەتەكان و هۆی دەرچوونی (سبب الورود) فەرمایشتەكانی پێغەمبەر (د.خ) بەشێكن لە مێژوو، لە هەمان كاتدا زۆركات نەیارەكان دەیانەوێت لەڕێگەی مێژووەوە گومان لەسەر بنەما پیرۆزەكانی ئیسلام و مێژووی موسڵمانان دروست بكەن، هەموو ئەمانە گرنگی بابەتی مێژوومان زیاتر بۆ ڕوون دەكەنەوە.

ئاشكرایە كە مێژوو گرنگی تایبەتی هەیە لە تێگەیشتن لە بنەماكانی ئیسلام و تەفسیری دەقەكان، هەروەها وەك بابەتێكی زانستی و ڕەهەندی فەلسەفی، لە هەمان كاتدا وەك بابەتێكی پەروەردیی بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو و ئێستا و دیاریكردنی داهاتوو، مێژوو گرنگی و بایەخی زۆری هەیە بۆ دیاریكردنی ئەو خزمەتانەی ئیسلام و موسڵمانان پێشكەش بە مرۆڤایەیان كردووە، لە هەمان اندا بۆ وەستان لەسەر هەڵەكان و دووبارە نەكردنەوەیان، ، زۆرجار ڕوادوە مێژوویەكان و مامەڵەی پێشەوایان و كاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسلامی وەك سەرچاوەی تەشریعی سەیری دەكرێت، وەك مامەڵەیان لەگەڵ ناموسڵمانان و ڕووبەڕوونەوەیان لەگەڵ ڕوداو و پێشهاتەكاندا، بۆیە پێویستە لەسەرچاوەی باوەڕپێكراو بەپێی میتۆدی زانستی مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت، لێرەدا هەوڵ دەدەین گرنگترین سەرچاوەكانی مێژووی ئیسلامی دیاری بكەیەن و هۆیەكانی شێواندن و بەهەڵە نوسینەوەی مێژووی ئیسلامی و ڕێبازی زانستی بۆ نوسینەوەی مێژووی ئیسلامی شرۆڤە بكەین وەك هەنگاوێك بەڕێگادا بۆ ڕاستكردنەوەی ئەو بوارە گرنگەی مەعریفەی ئیسلامی.

ڕێبازی لێكۆڵینەوە: ئەم توێژینەوە بە پێی ڕێبازی لێكۆڵینەوەی بەڵگەنامەیی شیكاری دەنوسرێت.

پلانی توێژینەوە: ئەم توێژینەوە پێكدێت لە پێشەكیەك و سێ باس، لە پێشەكیەدا توێژەر ئاماژە دەكات بە گرنگی و بایەخی مێژوو، هەروەها ڕێبازی زانستی لێكۆڵینەوەی مێژووی ئیسلامی. لە باسی یەكەمدا سەرچاوەكانی مێژووی ئیسلامی ڕوون دەكاتەوە،

هەروەها لە باسی دووەمدا ئاماژە بەهۆیەکانی شێواندن و تێکەڵبوونی دەیان بابەتی ناڕاست و بێبنەما دەکات بە مێژووی ئیسلامی، لە باسی سێیەمدا هەوڵ دەدات ڕێبازو بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژووی ئیسلامی دەستنیشان بکات، لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دیاریدەکات، لە کۆتاییدا لیستی سەرچاوەکان تۆمار دەکات.

**2-گەشەکردن و نووسینەوەی مێژوو لای موسڵمانان و گرنگی و بایەخی مێژووی ئیسلامی**

مێژوو وەك مادەیەکی زانستی و بەشێك لە زانستە ئیسلامیەکانی تری وەك تەفسیری و قورئان و فەرمودەناسی و فیقهو عەقیدەو بابەتەکانی تر ئەو گرنگیەی نەبووە لای موسڵمانان، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵی ئیسلامی لە هەموو ڕووەکانی مەعریفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە زیاتر بایەخی مێژوو وەك بابەتێکی سەربەخۆ و زانستێکی تایبەت دەبێتە جێگەی بایەخی کۆمەڵگەی ئیسلامی.

بەڵام لێکدانەوەی کاتەکان و(المواقیت) دیاریکردنی کاتی حەج و مانگە حەرامەکان بەشێك بووە لە ژیانی گشتی عەرەب لە پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیشدا، ژمارەی مانگەکان کە دوانزە مانگە قورئان ئاماژەی پێدەکات و دەفەرموێت: (إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِنْدَ اللَّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِي كِتَابِ اللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ...) التوبة:(36). هەروەها دەفەموێت: (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ...) البقرة:(189). کۆمەڵی عەرەبی پێش ئیسلام بایەخیان بە کات و مانگ و ساڵ داوەو ئیش وکاری خۆیان بە ساڵی مانگی (قمر)ی ڕێکخستووە، بەڵام مێژووی ڕووداوەکانیان تۆمار نەکردووە، عەرەب لەپێش ئیسلامدا بایەخیان بە ڕەچەڵەك (الانساب)داوەو لەو بوارەدا دانراویان هەبووە، هەروەها هەواڵدەر (الاخباری) هەقایەتخوان (القصاصون) هەبوون لەناو کۆمەڵی عەرەبیدا. (د.عبدالعزیز الدوري، نشأة علم التاریخ عند العرب: ص 15 وما بعدها).

لەگەڵ دابەزینی قورئانی پیرۆزو ئەو گەشەکردنە مەعریفی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەی کۆمەڵگەی ئیسلامی و بایەخدانی قورئانی پیرۆز بە ڕوداوە مێژووییەکان و باسی پێغەمبەران و گەلانی پێشوو، لە هەمان کاتدا ململانێی نێوان کۆمەڵگەی ئیسلامی نوێ و ئەهلی کیتاب و هەردوو ئیمپراتۆریەتی و ڕۆمانی و فارسی، لەو کاتەدا موسڵمانەکان هەستیان کرد خاوەنی پەیامێکی گەورەو پیرۆزن هەوڵیاندا مێژوویەکی تایبەت بەخۆیان هەبێت، لەهەمان کاتدا پێویستیان بە ئاستێکی مەعریفی و فەرهەنگی بەرز هەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەلانی دەوروبەریان، هەموو ئەمانە کاریگەریان زۆریان هەبوو لەسەر گەشەکردنی بایەخی مێژوو لای موسڵمانەکان. (عبدالعلیم عبدالرحمن خضر، المسلمون وکتابة التاریخ دراسة في التأصیل الاسلامي لعلم التاریخ: ص 67 وما بعدها).

بەبۆچوونی ئیمامی سیوتی (السیوطي) پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کاتێك کۆچ دەکات بۆ مەدینە مێژوویەکی تایبەت بە موسڵمانان دادەنێت، هەرچەندە ئەوە زۆر بڵاوە کە عومەری کوڕی خەتاب مێژووی کۆچی کردووەتە مێژووی ئیسلامی، بەڵام ئیمامی سیوتی (السیوطي) ئەوە ڕەتدەکاتەوە دەڵێت: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەکاتی چوونی بۆ مەدینە مێژووی کۆچی دیاریکردووەو عومەری کوڕی خەتاب شوێنکەوتووی ئەوە بووە نەك خۆی دانەری ئەو مێژووە بێت، ئیمامی سیوتی بە پشت بەستن بەچەند فەرمودەیەك ئەو قسەی کردووە، یەکێك لەو فەرمودانە: (عن ابن شهاب، أن النبي ﷺ أمر بالتاریخ یوم قدم المدینة، في شهر ربیع الأول). هەروەها: (عن ابن شهاب، التاریخ من یوم قدم النبي المدینة مهاجرا).جلال الدین عبدالرحمن السیوطي، الامام، الشماریخ في علم التاریخ: ص11).

بەڵام ئیمامی ئیبنو حەجەری عەسقەلانی (ابن حجر العسقلاني) ئەم فەرمودانەی بە لاواز (المعضل) داناوەو، ئەو پێی وایە دانانی مێژووی کۆچی بۆ موسڵمانان لەلایەن عومەری کوڕی خەتابەوە کراوەتە مێژووی ڕەسمی جیهانی ئیسلامی. (أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، فتح الباري بشرح صحیح البخاري: م7ص314-315). هەروەها فەرمودەی: (حدَّثنا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مَسْلَمَةَ: حدَّثنا عَبْدُ الْعَزِيزِ، عن أَبِيهِ، عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ، قالَ: ما عَدُّوا مِنْ مَبْعَثِ النَّبِيِّ ﷺ، وَلَا مِنْ وَفاتِهِ، ما عَدُّوا إِلَّا مِنْ مَقْدَمِهِ الْمَدِينَةَ) (البخاري، صحیح البخاري: 3934). ئیمامی ئیبنو حەجەر ڕای وایە کە عومەری کوڕی خەتاب دانەری یەکەمی مێژووی کۆچیە، ئەم کارەی عومەر کۆدەنگی هاوەڵانی لەسەر بووە، لە هەمان کاتدا بووە بابەتێکی گرنگ و زیندوو بۆ بایەخدانی کۆمەڵگەی ئیسلامی بە تۆماری مێژوو.

لەسەدەی یەکەمی کۆچیەوە گرنگیدان بە سونەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)و هەوڵی کۆکردنەوەو نووسینەوەی گەڕان بەدوای زنجیرەی گێڕەرەوە (الاسناد) بایەخی مێژوو زۆر زیادی کرد لای موسڵمانان، چونکە بابەتێکی گرنگی وەك فەرمودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پێویست بوو زۆر جەخت بکرێتەوە لە مێژووی سەنەد و گێڕەوەکانی هەموو ئەمانەیش پێویستی بە مێژووی کەسەکان هەبوو، لەپاڵ نووسینەوەی فەرمودەکانی پێغەمبەردا نووسینەوەی غەزەواتەکانیش (المغازي) بووە جێگەی

بایەخی نووسینەوەی موسڵمانەکان، پاشان نوسینەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، ئەم هەوڵانە بوونە هۆی دەرکەوتنی چەند قوتابخانەی نووسینەوەی مێژوو، وەك قوتابخانەی مەدینەو بەصرەو کوفە.

لەسەدەی یەکەمی کۆچی سەرەتای نووسینەوەی مێژووە لای موسڵمانەکان بەڵام بەشێوەیەکی سەرەتایی، (عروة بن الزبير و أبان عثمان بن عفان) لە بواری نووسینەوەی مێژوودا دەستپێشخەر بوون، عوروە کتێبی (المغازي) نووسیوەو (أبان)ە فەرمودەناس بوو، بەڵام ئارەزووی نوسینەوەی غەزەواتەکانیشی هەبوو، لەسەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیدا نووسینەوەی مێژووی گشتی و بەشێوەیەکی فراوان دەستپێدەکات و دانراوی گەورە لەو بوارەدا دەنوسرێت، هەریەکە لە (الواقدي و ابن اسحاق و الطبری و ابن سعد ...هتد) چەندانی تر دەردەکەون. (محمد بن عبدالرحمن السخاوي، الإعلان بالتوبيخ لمن ذم أهل التاريخ: ص139 وما بعدها). و (عبدالعزيز الدوري، نشأة علم التاريخ عند العرب: ص 22-24).

گرنگی و بایەخی مێژووی ئیسلامی: نووسینەوەو گرنگیدان بە مێژوو و لێکۆڵینەوەو شرۆڤەکردنی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بایەخی زۆری هەیەو وەك یەکێك لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە زانکۆ و ناوەندە زانستی و ڕۆشنبیرەیەکاندا، دەتوانرێت گرنگی و مەبەستی بایەخدان بەمێژوو لەم خاڵاندا کورتبکرێتەوە:

یەکەم/ مێژوو هاوکارە بۆ ناسینی بارودۆخی مرۆڤەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بۆ زانینی لایەنی باش و خراپی کۆمەڵگە جیاوازەکان.

دووەم/ دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە مێژووی بەڵگەنامەییەوە ڕاستی ڕووداوەکان یەکلایی بکرێتەوەو حوکمی شەریعەت دابنرێت، بۆ نمونە کاتێك جولەکە بانگەشەی ئەوەیان کرد کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) نوسراوێکی بۆ نووسیون و جزیەی لەسەر هەڵگرتوون (لە جولەکانی خەیبەر بوون)، (ابن الوزير مسلمة) (الخطيب البغدادي) ئاگادار کردەوە لەو هەواڵە، خەتیبی بەغدادی وتی: درۆیە، وەزیر وتی بەڵگەت چیە؟ خەتیب وتی لە سەندی ئەو گێڕانەوەدا شایەتی (معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان) هەیە، ئەوکاتە موعاویە موسڵمان نەبووە (ڕۆژی خەیبەر)، خەیبەر لە ساڵی حەوتی کۆچیدا ڕوویداوە، موعاویە لە ساڵی فەتحی مەکەدا موسڵمان بووە، هەروەها شایەتی(سعد بن معاذ) تێدایە، سەعد لە ساڵی پێنجەمی کۆچیدا لە ساڵی خەندەقدا کۆچی دوایی کردووە، کەواتە ئەو قسەی جولەکەکان ڕاست نیە. (السيوطي، الشماريخ فی علم التاريخ، ص2-3).

سێیەم/ مێژوو گرنگی زۆری هەیە بۆ دیایکردنی (الناسخ والمنسوخ) لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) چونکە لەڕێگەی مێژووی دەقەکانەوە دەزانرێت کام دەقە پێشتر دابەزیوە کامیان دواتر. (ابراهيم أمين الجاف الشهرزوري، مناهج المحدثين في نقد الروايات التاريخية للقرون الثلاثة الأولى: م1ص23).

چوارەم/ مێژوو یارمەتیدەرە بۆ ناسینی گێڕەرەو (الراوی) فەرمودەکان، کەی لەدایك بووەو کەی دەستی بەخوێندن کردووەو فەرمودەی لەکێ وەرگرتووەو گەشتەکانی بۆ فێربوون کەی بووەو بۆ کوێ بووە؟، هەروەها ئاستی دادگەری ڕاستگۆیی چەندە بووە، هەموو ئەمانە کە زانستی فەرمودەدا باسکراوە پشت بە مێژووی ڕاست دەبەستن. (محمد عثمان الساعاتي، المدخل الي التاريخ الاسلامي: ص119-120).

پێنجەم/ لەڕێگەی مێژووەوە ڕوداو و کارەساتەکان دەزانرێن، هەوەها مێژووی ڕودانیان و ئەو گۆڕانکاری پاشهاتانەی بەهۆی ئەو ڕوداوانەوە هاتوون.

شەشەم/ مێژوو بارودۆخ و ژیانی گەل و نەتەوە جیاوازەکانمان پێدەناسێنێت، لە ڕووەکانی بەهێزی و لاوازی و زانست و نەفامی و چالاکی و تەمەڵی و دواکەوتووی و هۆشیاری و ئەو خزمەتانەی پێشکەش بەمرۆڤایەتیان کرددوە، یان ئەو کارەساتانەی بەسەر جیهانیان هێناوە.

حەوتەم/ مێژووی ئیسلامی وێنەیەکی زیندووی جێبەجێکردنی ئیسلامە لەسەر واقیع، لەو ڕێگەوە لایەنە پرشنگدارەکانی مێژووی ئیسلامی دەزانین و دەتوانین پەرەی پێبدەین، هەروەها لایەنە لاوازەکانی دەناسین و دەبێت دووبارەی نەکەینەوە.

هەشتەم/ مێژوو بۆ پەند و ئامۆژگاری وەرگرتنە، وەك قورئان دەفەرموێت: (قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ ثُمَّ انْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ) الانعام: 11. هەرکەسێك پەند لەمێژوو وەرناگرێت هەڵەکان دووبارە دەکاتەوە.

نۆیەم/ دەتوانرێت لە ڕێگەی مێژووەوە لەداهاتوو تێبگەین و نەخشەی بۆ دابنێن، لەبەر ڕۆشنایی سونەتە گەردوونیە خواییەکاندا (السنن الإلهية)، چونکە سونەتە خواییەکان لەگەردووندا جێگیرین و ناگۆڕێن.

دەیەم/ مێژوو هیمەت و ئیرادە بەرز دەکاتەوە، پێشبڕکێ دروست دەکات لەسەر کاری باش و بەخشین.

یازدەیەم/ مێژوو پێشەنگە چاکەکانمان پێ دەناسێنێت، دەکرێت بیانکەینە پێشەنگی خۆمان و سود لە ئەزموون و کارە چاکەکانیان وەربگرین و ڕێگای ئەوان بگرین.

دوازدەیەم/ لەڕێگەی مێژووەوە پەند لە هەڵەی کەسانی پێش خۆمان وەردەگرین، هۆشیار دەبینەوە نەکەوینە هەڵەکانی ئەوان. (أكرم محمد زيادة الفالوجي الأثري، ترسيخ المدخل الي علم التاريخ: ص 16-18).

مەبەست لە نووسینەوەو لێکۆڵینەوەی مێژوو بۆ پەند وەرگرتنە، هەتا سود لەلایەنە پرشنگدار و سەرکەوتنەکانی مێژووی گەلان وەربگرین، هەروەها پەند لە شکست و نوشستیەکانیان وەربگرین، مێژوو بۆ ئەوە نیە لەڕابردوودا بژین و نەتوانین هەنگاوێك بچینە پێشەوەو هیچ خزمەتێك بەژیار و شارستانیەت نەکەین.

**3- سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی**

بۆ تۆمارکردن و نوسینەوەو شرۆڤەکردنی مێژووی ئیسلامی وەك میتۆدێکی زانستی پێویستە پشت بەسەرچاوەو گێڕانەوەی باوەڕپێکراو ببەسترێت، دەبێت هەڵسەنگاندن بۆ کەسی گێڕەرەوەو دەقە گێڕراوەکە بکرێت، نابێت هەرکەسێك چیرۆکێك یان بەسەرهاتێکی مێژوویی گێڕایەوە یەکسەر وەك دەقێکی مێژووی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لە هەمان کاتدا دەبێت بابەتیانەو دوور لە گیانی ستایش و پیاهەڵدان ڕوداوەکان تۆماربکرێن، هەروەها نابێت بە مەبەستی فکری و ئایدیای جیاواز و بۆ بەرژەوەندی و خواستی کەسی مێژوو بشێونرێت و لایەنگیریانە بنسرێتەوە، بۆ نوسینەوەی مێژووی ئیسلامی بەتایبەتی مێژووی سەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵان دەبێت پشت بەسەرچاوەی ڕەسەن ببەسترێت لە گرنگترین ئەو سەرچاوانە:

یەکەم: قورئانی پیرۆز: هەرچەندە قورئانی پیرۆز کتێبی مێژوو نیە، بەڵام زۆر بابەتی مێژوویی وەك بەسەرهاتی پێغەمبەران و ململانێیان لەگەڵ گەلەکانیاندا بۆ گەیاندنی پەیامی خوا باس دەکات، لەهەمان کاتدا باسی هەندێ گەل و کەسانێك دەکات کە لە ڕابردوودا کاریگەریان لەسەر ڕوداوەکانی مێژوو هەبووە، هەروەها باسی یاسا خوایەکان (السنن الالهية) دەکات لە بونەوەردا، کەخوای گەورە زۆر گەل و کەسایەتی لەناوبردووە یان پایەدار کردوە بەهۆی ئەو یاسا خواییانەوە کە ئاراستەی مێژوو و ژیان دەکەن. (أبواليزيد أبو زيد العجمي، القران الكريم وتنمية الوعي بالتاريخ: ص 60 وما بعدها).

قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەتدا باسی ژیان و مامەڵەی پێغەمبەر دەکات، لە هەمان کاتدا باسی هاوەڵان و ئەو ڕوداوانەی لەو ڕۆژگارانەدا ڕوویانداوە ئاماژە پێدەکات، هەرچەندە بە کورتیش بێت، بەڵام وێنای زۆر لایەنی ژیانی سەردەمی پەیام (عصر الرسالة) و هاوەڵان دەکات، لەڕووی ئایینداری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سەربازی و هەندێ ڕوداوی وەك غەزاکان دەکات، هەموو ئەمانە دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ مێژوونووس بۆ لێکۆڵینەوەی ژیانی پێغەمبەر و کۆمەڵی هاوەڵان و ڕوداوەکان ئەو ڕۆژگارە.

بەڵام یەکێك لە تایبەتمەندی گێڕانەوەی قورئان بۆ ڕوداوە مێژووییەکان لە بەرگی چیرۆکێکی هونەریدا باسی دەکات و ئاماژە بۆ (کات و شوێن) ناکات، مەگەر زۆر بەکەمی هەندێ جار ناوی شوێنێك هاتبێت. (الدكتور إمام الشافعي محمد حمودي، الأحاديث التاريخية للنبي ﷺ دراسة تاريخية منهجية: ص 183-184).

بەڵام لەکاتی تەفسیرکردنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا دەیان لاپەڕە ڕەشکراوەتەوە بە گێڕانەوەی ئیسرائیلیات و چیرۆکی خورافی، ئەم گێڕانەوانە هەرچەندە نابنە بەڵگەی مێژوویی، لەهەمان کاتدا جوانی قورئان و ئامانجی ئایەت و چیرۆکەکان لەبیرکراوەو زۆرجار دەیان شتی خورافی و نالۆژیکی بەناوی قورئان و پێغەمبەران گێڕاراوەتەوەو لە خەڵکی کراوەتە ئاین.

هەموو ئەو چیرۆك و ئیسرائیلیات و گێڕانەوانە تێکەڵاو بە تەفسیری قورئانی و کتێبە ئاینیەکان کراون هەموو ڕەتدەکرێنەوە نە بەڕاست دادەنرێن نە دەبنە سەرچاوەی مێژوو، هەروەها ئیسرائیلیاتیەکان بەدرۆش ناخرێنەوە وەك پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (لا تصدقهم ولا تكذبهم) (البخاري, صحيح البخاري، الرقم: 3461). چونکە لەوانەیە شتێك بەدرۆ بخەینەوە کە لە کتێبەکانی ئەهلی کتێبدا هاتووە، بەڵام ئەو شتە ئەو ڕاستیە بێت لای خواوە دابەزیوەو نەگۆڕراوە، مەگەر شتێك قورئان یان سونەتی ڕاستی پێغەمبەر(د.خ) ڕەتی بکاتەوە.

لەبەر ئەوەی نوسینەوەی مێژوو بەشێوەی زانستی بابەتێکی نوێیە و سەرچاوە مێژووییەکانی پێش ئیسلام زیاتر لە شێوەی هەقایەت و خورافە و ئەفسانەدا مێژوویان تۆمار کردووە، لەبەر ئەوە پشتیان پێنابەسترێت وەك سەچاوەی باوەڕ پێکراو بۆ بابەتە ئاینی و مێژوویە ڕابردووەکان. (سيد قطب، في ظلال القرآن: م4 ص 2290-2291. و (سيد قطب، في التاريخ فكرة ومنهاج: ص 37 وما بعدها).

کەسێك باسی ئەصحاب ولکەهف (أصحاب الكهف) و شوێن و ناو تەنانەت ناوی سەگەکەیان دەکات بە پشت بەستن بە ئیسرائیلیات و چیرۆکی خورافی چۆن دەیسەلمێنێ ئەو شتانە ڕاستن، یان ئەوانەی دەڵێن ئیبراهیم پێغەمبەر کورد بووە و جلی کوردی لەبەر

كردووه بەڵگەیان چیه و چۆن دەیسەلمێنن، دەتوانن بیسەلمێنن ئیبراهیم پێغەمبەر لە چ سەردەم و شوێنێكدا بووە، بێگومان نەخێر، هەموو ئەو قسانەیش لەوبارەیەوە دەكرێت جگە لە چیرۆكێكی خورافی شتێكی تر نیە.

بەڵام ئاماژەدان بە ململانێ بتپەرستەكان لەگەڵ پێغەمبەردا دژایەتیان بۆ پەیامی ئیسلام و ئەو هەموو درۆ و چەواشەكاریانەی دژی پێغەمبەر كردوویانە لە ئایەتەكانی قورئاندا تۆماركراون، هەروەها چۆنیەتی بانگەوازی پێغەمبەر و ئارامگرتنی لە پێناوی بانگەواز و كۆچكردنی بۆ تائیف و پاشان بۆ مەدینەی منەوەرە و هەندێ لە غەزەواتەكانی و فێڵ و تەڵەكەی جولەكەكان لە شاری مەدینەدا هەموو ئەمانە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەیان پێكراوەو دەكرێت وەك سەرچاوەیەكی مێژووی یەقینی بەكاربهێنرێن. (د.ابراهیم أمین الشهرزوري البغدادي، مناهج المحدثین في نقد الرویات التاریخیة للقرون الهجریة الثلاثة الأولی، م1ص32-33).

قورئانی پیرۆز لەگەڵ ئەوەشدا باسی ڕووداوە مێژووییەكان دەكات لەهەمان كاتیشدا بوونی ئەو ڕووداوە مێژووییانە كاریگەری زۆری هەبووە لەسەر موسڵمانەكان كە گرنگی بە مێژوو و زانستی مێژوو بدەن، چونكە لەپێش ئیسلامدا لەناو گەلی عەرەبدا زۆر گرنگی بە نووسینەوەی مێژوو نەدراوەو ئەو زانستە جێگەی بایەخ نەبووە، بەڵام لەدوای دابەزینی قورئانی پیرۆز بایەخ و گرنگی مێژوو زۆر پێشدەكەوێت و گەشەی زۆر دەكات لەناو گەلانی موسڵمان و بە تایبەتی عەرەبدا. عبدالعزیز الدوري، نشأة علم التاریخ عند العرب،: ص 15 وما بعدها). و(أدیب ابراهیم الدباغ، حركة التاریخ بین النسبي و المطلق: ص12 وما بعدها).

دووەم: فەرمودەكانی پێغەمبەر (د.خ): پێغەمبەر هەر ڕوداوێكی گێڕابێتەوە بەو مەرجەی فەرمودەكە ڕاست بێت، ئەوە وەك نیگا (وحی) ی مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت، بۆ نمونە پێغەمبەر (د.خ) كە دەفەرموێت: (كان في بَنِي إِسْرَائِيلَ رجل قَتَلَ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ نَفْسًا...) البخاري، صحیح البخاري: 3470 ) ئەوە وەك فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ) وەردەگیرێت نەك وەك ئیسرائیلیات، پێغەمبەر لە هەندێ فەرمودەدا ئاماژە بە هەندێك لەبەسەرهاتی گەلانی پێشوو دەكات، هەروەها ئاماژە بەوە دەكات كە بۆ لەناوچوون و لەسەر شانۆی ژیان نەماون، هەموو ئەمانە باسی مێژووین، هەروەها باس لە یاسا خوایەكان دەكات كە لە تەفسیری ئیسلامی بۆ مێژوو جێگەی گرنگی پێدان و لەسەر وەستانن. ( د.عمادالدین خلیل، التفسیر الاسلامي للتاریخ: ص 231) بەدواوە. هەروەها بڕوانە: (د.جمال عبدالهادي محمد مسعود و د. وفاء محمد رفعت جمعة، أخطاء یجب أن تصحح في التاریخ منهج كتابة التاریخ الاسلامي كیف ولماذا: ص 18-19).

هەروەها لە كتێبەكانی فەرمودەی پێغەمبەردا (د.خ) بەشی (السیر والمغازي) هەیە، لەم بەشەی كتێبەكانی فەرمودەدا كە هەموو فەرمودە ڕاستەكانی بە سەنەدی ڕاست و بەپێی پێوەری زانایانی زانستی فەرمودە نوسراوەتەوە، ئەم فەرمودانە سەرچاوەیەكی ڕاست و گرنگی مێژووی ئیسلامین، هەروەها دەكرێت زۆرێك لە ڕوداوەكانی ناو كتێبی مێژووی ئیسلامی بەم فەرمودانە بەراورد بكرێن بۆ زانینی ڕاست و دروستی ڕوداوە مێژوویەكان. (د.محمد صامل السلمي، منهج كتابة التاریخ الاسلامي وتدریسه: ص 93). و (الدكتور إمام الشافعي محمد حمودي، الأحادیث التاریخیة للنبي دراسة تاریخیة منهجیة: ص 29 وما بعدها).

سێیەم: كتێبە مێژوویەكان: كتێبە مێژوویەكانی سەدەكانی سەرەتای ئیسلام سەرچاوەی ڕەسەنی مێژووی ئیسلامین، بەڵام ئەمەیش بە واتای ئەوەنا كە هەرچی لەو كتێبانەدایە ڕاستەو وەردەگیرێت، بەڵكو ئەو كتێبانە پلە بەندیان هەیە لە جەختكردنەوەو پشت بەستن بە میتۆدی زانستی لە نوسینەوەی مێژوودا، هەروەها تا چەند لێكۆڵینەوەیان لەسەر سەرچاوەی گێڕانەوەكان كردووە، تا چ ئاستێك پەیوەست بوون بە بنەما زانستیەكانی گێڕانەوەی ڕوداوەكان، هەموو ئەم خاڵانە لە وەرگرتنی باسی ڕوداوەكانی ناو ئەو سەرچاوە جێگەی بایەخی زۆرن. (د. سیدة اسماعیل كاشف، مصادر التاریخ الاسلامي ومناهج البحث فیه: ص 83). و (د.عمادالدین خلیل، حول اعادة كتابة التاریخ الاسلامي: ص83). كتێبەكانی هەریەكە لە ( الطبقات الكبري لمحمد بن سعد: ت 230هـ تاریخ خلیفة بن خیاط: ت 240هـ احمد بن یحیي بن جابر البلاذري: ت 279هـ الیعقوبي: ت 284هـ: ابن قتیبة: ت 270هـ ابو حنیفة الدینوري، ت 282هـ الطبري: ت 310هـ المسعودي: ت 346هـ) جیاوازیان هەیە، تەبەری زیاتر جەخت دەكاتەوە لەسەر سەرچاوەی ڕوداوەكان، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەیان گێڕانەوەی لاواز و بێبنەمای لە كتێبەكەیدا هێناوە، بەڵام هەرچی مەسعودیە زۆرجار خورافە و قسەی نا لۆژیكی گێڕاوەتەوەو لە كتێبەكەیدا نوسیویەتی، بەڵام ئیبنوكەسیر وەك زانایەكی گەورەی فەرمودە زیاتر جێگەی لێكدانەوەی زانستیە و كەمتر دەكەوێتە هەڵەی گەورە. د.محمد صامل السلمي، منهج كتابة التاریخ الاسلامي: ص 488). بە دواوە.

بەڵام ئەوەی گرنگە لەبارەی ئەم سەرچاوە بزانرێت ئەوەیە هیچ یەكێكیان لەڕۆژگاری ڕوداوەكاندا نەنوسراوەتەوە، بەڵكو تێپەڕین نزیكەی دوو سەدە بەسەر ڕووداوەكاندا نوسراونەتەوە، بۆ نمونە ئیبنوسەعد كە كۆنترینیانە لە ساڵی (160ك) لەدایك بووەو لە ساڵی

(230ك) کۆچی دوایی کردووە، کەواتە ئەوەیش دوای دوو سەدە لە ڕووداوەکان مێژووەکەی تۆمارکردووە، ئەم مێژوونووسانە بۆ تۆماری ڕووداوەکان پشتی گێڕانەوەی سەرزارەکی بەستووەو هیچ سەرچاوەو ئەرشیفێکی نوسراوی ڕووداوەکانیان لەدەستدا نەبووە. د.عمادالدين خليل، في التاريخ الاسلامي فصول في المنهج والتحليل: ص 118 وما بعدها).

بێگومان ئەو بارودۆخەیش زیاتر ڕێگا خۆشکەر بووە بۆ تۆمارکردنی گێڕانەوەی ناڕاست و زۆر کەمکردن و زیادکردن لە تۆماری ڕووداوەکاندا، بۆیە پێویستە زۆر هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ سەرجەمی دەقەکانی مێژووی ئیسلامیدا بکرێت.

**4- هۆیەکانی شێواندنی مێژووی ئیسلامی**

مێژووی ئیسلامی دەیان گێڕانەوەی ناڕاست و زیادەڕەوی و چیرۆکی بێبنەمای تێکەڵاوکراوە، هەروەها دەستەو گروپی لادەر و ئاراستە فکریە جیاوازەکانیش بەدرێژایی مێژوو ڕۆڵیان هەبووە لە ناشیرینکردن و شێواندنی ڕووە گەش و درەوشاوەکانی مێژووی ئیسلامیدا، لێرەدا هەوڵدەدەین هۆیەکانی شێواندنی مێژووی ئیسلامی لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا کورت بکەینەوە:

یەکەم/ بەربڵاوی نەخوێندەواری: بەهۆی بەربڵاوی نەخوێندەواری و نەبوونی ڕۆشنبیری نووسین و کتێب و کتێبخانە و لە کۆمەڵگەی عەرەبی ئەو سەردەمەدا، نەتوانراوە لەکات و ڕۆژگاری ڕوداوەکاندا تۆمار بکرێن، نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی لە سەدەی سێیەمی کۆچیەوە دەست پێدەکات، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو سەدە بەسەر ڕوداوەکاندا، بێگومان ئەویش هۆی سەرەکیە نەتوانرێت ئەو ڕوداوە مێژوویانە بە وردی و بەبێ هەڵە بنوسرێنەوە، مێژوونووسەکانیش لەکاتی نوسینی کتێبەکانیاندا هاتوون پشتیان بەو گێڕانەوانە بەستووە کە لەسەر زاری خەڵکی بوون.

بێگومان کۆکردنەوەی ئەو ڕوداوانە لەسەر زاری کەسانی کۆمەڵگەیەك کە نەخوێندەواری تێدا بەربڵاو بووەو لە هەمان کاتدا دەیان ململانێی خوێناوی شەڕ و بەریەککەوتنی چەکداری و بوونی دەستە و گروپی لادەر، گومان لەوەدا ناهێڵێتەوە کە دەیان گێڕانەوەی ناڕاست و چیرۆکی خورافی و فەرمودەی هەڵبەستراو دروستکراوە لەلایەن ئەو دەستەو گروپانەوە بۆ شەرعیەتدان بە هەڵوێست و بۆچوون و ڕاستی ڕێبازی گروپەکانیان. (د. سيدة اسماعيل كاشف، مصادر التاريخ الاسلامي ومناهج البحث فيه: ص17).

یەکێکی تر لە سیماکانی گەلانی نەخوێندەوار زۆر حەزیان لە ئەفسانەو چیرۆکی خورافی و هەقایەت هەیە، لەو پێناوەشدا دەیان پاڵەوانی ئەفسانەیی و چیرۆکی شاخدار دروست دەکەن، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەن کەسایەتیە ئاینیەکان وەك پاڵەوانی ئەفسانەیی پیشانبدەن و لەو پێناوەشدا دەیان چیرۆکی خورافیان بۆ دەتاشن، هەموو ئەمانەیش وایکردوە دەیان چیرۆکی خورافی بۆ کەساتیە ئاینیەکان دروستبکرێت و مێژوویان ناشیرین بکرێت. (عبد الرحمن بن محمد بن خلدون، مقدمة ابن خلدون: ص487).

دووەم/ دەستە و گروپە لادەرەکان: لەگەڵ گەرمبوونی کێشەکانی نێوان خەلیفە عەلی کوڕی ئەبو تالیب و موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان و جەنگەکانی (الصفين والجمل) و کێشەکانی ئیمامەت و دەرکەوتنی و خەورایج و شیعەو دابەشبوونی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ دەوڵەتی کوفە و دیمەشق و مەدینە، هەموو ئەم کێشانەی نێوان خودی موسڵمانان بوونە هۆی کاریگەر لە شێواندنی تۆماری ڕوداوەکان بەشێوەیەکی ڕاست و بێلایەنانە، هەتا کارگەیشتووەتە ئەوەی لەلایەن خودی موسڵمانانەوە هێرش و قسەی ناڕەوا بەرامبەر خەلیفەکانی و ڕاشدین و هەندێ لە هاوەڵان بکرێت. (د.محمد صامل السلمي، منهج كتابة التاريخ الاسلامي وتدريسه، ص 254-255).

هەروەها دوای سەرهەڵدانی دەستەوگروپە لادەرەکان (خەورایخ، شیعە قەدەری، موعتەزیلە و.. هتد) هەموو ئەم گروپانە بۆ شەرعیەتدان بە بۆچوونەکانیان و دروستکردنی گێڕانەوەی ناڕاست و تەفسیری هەڵە ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە شێواندنی مێژووی ئیسلامی، لە سەردەمی نوێشدا زۆرێك لە ڕۆژهەڵاتناس و کەسانێك کە هەوڵی شێواندنی مێژووی ئیسلامی دەدەن هەوڵدەدەن پشت بە کتێبی ئەو دەستەو گروپانە ببەستن لە نوسینەکانیاندا، هەموو ئەمانە کاریگەری زۆریان بووە لە شێواندنی ڕوداوەکان و ڕووی گەشی مێژووی ئیسلامی.

سێیەم/ هۆنەر و پیا هەڵدان: نوسینی هۆنراوە و پیاهەڵدان لەلایەن هەندێ کۆلکە خوێندەوارەوەو گەورەکردن و بەخورافی کردنی زۆر ڕوداوی مێژوویی کاریگەری هەبووە لە ناشیرینکردنی مێژووی ئیسلامی و تێکەڵاوکردنی بە خورافە و ئەفسانە و بابەتی نالۆژیکی، ئەم چیرۆکە خورافیانە لەلایەن کەسانی میللی و کۆلکە خوێندەوارەوە دروستکراون و خوێندراونەتەوەو دوایی وەك بابەتی مێژووی چونەتە زیهنی خەڵکیەوە.

لەناوەندی ڕۆشنبیری کوردیشدا ئەو جۆرە نوسینانە بوونیان هەبووەو بەهۆی خورافی بوون و چێژ وەرگرتنی خەڵکی نەخوێندەوار لەو جۆرە چیرۆکانە لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا خوێندراونەتەوە، کتێبەکانی (مەولودنامە و و میعراج نامە و فەتحی قەڵای خەیبەر و

...هتد) دەیان شتی ئەفسانە و شاخداریان تێدایە و لای خەڵکی بوونەتە ڕاستی مێژوویی، هەموو ئەم جۆرە نوسینانە کاریگەری خراپیان بووە لە ناشیرینکردنی ڕوداوەکانی مێژوو.

چوارەم/ ئاسانگیری لە وەرگرتندا: مێژوونووسەکان لەکاتی نوسینەوەی مێژوودا ئاسانگیری زۆریان کردووەو زۆر توندگیر نەبوون لەبەرامبەر گێڕەرەوەو وەرگر و دەقەکاندا (الراوي والمروي والنص)، بەڵکو هەرچیان بەگوێ کەوتووە تۆماریان کردووە، لە هەمان کاتدا ئەو مێژوو نووسانە لە کاتی تۆمارکردن و وەرگرتنی فەرمودەی پێغەمبەردا زۆر توند بوون و مەرجی زۆریان هەبووە، کەسێکی وەك: (ابراهيم بن عبدالله بن الجنيد) دەڵێت: پرسیارم کرد لە (يحى بن معين) دەربارەی (محمد بن مناذر) فەرموی: جێگەی متمانە نیە لە بەصرە ئاکاری باش نەبوو. وتم ئەی شیعر و چیرۆك لە خەلیلی کوڕی ئەحمەدەوە دەگێڕێتەوە ئەوانەی لێوەربگرم؟ فەرموی: بەڵێ. چونکە ئەوانە وەك فەرمودە نین.

زانایانی فەرمودە لە وەرگرتنی فەرمودەدا زۆر توندگیر بوون، چونکە تایبەتە بە ئاین و شەریعەت و عەقیدەوە، بەڵام لە بابەتە ئەدەبی و مێژوویەکاندا ئاسانگیری زۆریان کردووە، چونکە مێژوو ئەو پلە گرنگەی نەبووە لە دینداو وەك دەقێکی شەرعی سەیریان نەکردووە، هەر ئەو ئاسانگیریەیش بووەتە هۆی ئەوەی دەیان ڕیوایەت و چیرۆکی هەڵەو هەڵبەستراو بکەوێتە ناو مێژووی ئیسلامیەوە. د.اكرم ضياء العمري، منهج النقد عند المحدثين مقارنا بالمنهج النقدي الغربي، ص55-56).

پێنجەم/ دانانی کتێب بەناوی کەسانی باوەڕپێکراوەوە: هەندێ دەستەو گوروپی لادەر لە مێژووی ئیسلامیدا کتێبیان داناوەو داویانەتە پاڵ کەسانی ناسراو خاوەن پێگە و جێگەی متمانەی موسڵمانان بۆ برەودان بە ڕێباز و دەستەو گروپەکانیان، وەك کتێبی (نهج البلاغة) بەناوی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبی تالبەوەو (الامامة والسياسة) بەناوی (ئەبو قوتەیبەی دینەوەری) یەوە، چونکە دینەوەری جێگەی متمانەی ئەهلی سونە بووە. (د.محمد صامل السلمي، منهج كتابة التاريخ الاسلامي وتدريسه، ص 255).

ئەم کتێبانە لەلایەن کەسانی لادەرەوە زیاتر نوسراون و ناوی ئەو زانا گەورانەی لێدراوە، ئەمەیش وایکردووە خەڵکی متمانەیان پێبکەن و زانیاریەکانی وەربگرن و پاشان لەناو کتێبەکانی مێژووی ئیسلامیدا جێگیربوون و لەلایەن گوتاربێژ و واعیزەکانەوە برەوی پێدراوەو پاشان بوونەتە بەشێك لە مێژووی ئیسلامی.

شەشەم/ نەبوونی هۆشیاری مێژوویی: بەداخەوە لە کۆمەڵی موسڵماناندا زۆر کەس قسە لەبارەی مێژووەوە دەکات، بەڵام هەموویان ئەو هۆشیاریەیان نیە وەك زانستێکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و بەپێی میتۆدێکی زانستی خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکان ئەنجام بدەن، زۆریان جیاوازیی ناکەن لە نێوان ڕوداوە مێژووییەکان و چیرۆك و ئەفسانە و خورافەدا، تەنانەت لە ناوەندە ئاینداریەکەدا دەیان خورافەی نەشیاو وەك ڕوداوی مێژوویی دەدەنە پاڵ پێغەمبەران و هاوەڵان و دەیانکەنە کەسانی ئەفسانەیی کە ئەوە تایبەتمەندی پێغەمبەران نیەو لەگەڵ پەیامی ئەواندا دژایەتی زۆری تێدایە، بۆ نمونە هەندێجار باسی دڵداری و ئەڤین دەدەنە پاڵ (يوسف عليه السلام)، بێگومان هەموو ئەو چیرۆکانە ناڕاستن، چونکە پێغەمبەران خاوەنی عەزیمەت و بەرزترین ئاکاری مرۆیی بوون بە شایەتی ئایەتەکانی قورئان .

لە هەمان کاتدا نابێت هەرچی لە کتێبە مێژوویەکاندایە بێ لێکۆڵینەوە وەربگیرێت، بەڵکو دەبێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و جیاوازی بکرێت لە نێوان چیرۆك و ئەفسانە و ڕوداوی مێژوویدا. (د.عماد الدين خليل، حول اعادةكتابة التاريخ الاسلامي، ص10).

حەوتەم/ ململانێی ئایدۆلۆژی: لە کۆندا ململانێی نێوان دەستەو گروپەکان کاریگەری هەبووە لە شێواندنی مێژووی ئیسلامیدا، لە سەردەمی نوێشدا ململانێی نێوان ئاراستە فکریە جیاوازەکان هەوڵی ناشیرینکردنی ئەو مێژووە دەدات، لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا هەوڵی زۆر هەیە بۆ شێواندنی مێژوی ئیسلامی، لەگەڵ ئەوەدا کە ڕوداوەکان وەك خۆی تۆمار ناکەن و پشت بەسەرچاوەی لاواز دەبەستن و تەنها ئەو برگانە دەگوێزنەوە کە پشتگیری حەزو بۆچوونی ئەوان دەکات، لە هەمان کاتدا فەتحکردن بە داگیرکردن ناو دەبەن و غەنیمەت بە تاڵانی و زۆر شتی لەو بابەتانە. بۆ نمونە بڕوانە: (شوان عوسمان مستەفا، کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلامکردنی کوردستان، ل 140 بەدواوە). هەروەها: (سەروەر پێنجوێنی، داگیرکردنی شارەزور، گۆڤاری دابڕان، ژمارە (4)ی ئەیلولی 2016، ل4).

هەر کەس دژایەتی مێژووی ئیسلامی بکات نەدەبوو کورد بەتایبەتی نەتەوەییەکان هەوڵی شێواندنی مێژووی ئیسلامیان بدایە، ئیسلام هاتووە لە کوردستان مزگەوت و خوێندنگەی ئاینی کردووەتەوەو دەیان ئەدیب و شاعیر و مێژوونووس و زانای گەورە لەو مزگەوتانە دەرچوون و ناوی کوردیان بردوەتە هەموو گۆشەو کەنارێکی ئەم جیهانە، لە هەمان کاتدا سەدان ڕەوشت و ئاکاری وەك هاوکاری و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی ڕەوشتبەرزی هێناوەتە ناو کورد، لە هەمان کاتدا لە هەموو ئاکار و ڕەشتێکی خراپ کوردی پاراستووە.

هەروەها دەیان بنەماڵە هاتوونەتە کوردستان و لەناو کوردا تواونەتەوە و بوونەتە بەشێك لە کورد، هەریەك ئەو بنەماڵانە ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە خزمەت بە مێژووی کورد لە هەموو ڕووەکانەوە، وەك سەیدەکانی بەرزنجە و مەردۆخیەکان و نەهریەکان و پیرخدریەکان و دەیانی تر کە هەموویان خۆیان دەبەنەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ)، هەروەها بەشێکی زۆری عەشیرەتی جاف خۆیان دەبەنەوە سەر پیرخدری شاهۆ و ڕەچەڵەکی ئەویش دەچێتەوە بۆ سەر سەیدەکان، ئەگەر هەموو ئەمانە بە سەنەدی ڕاست پشتڕاست بکرێنەوە، کەواتە بەشێکی گەورەی میللەتی کورد نەوەی ئەو فاتیحە موسڵمانانەیە کە هاتوەتە کوردستان.

لە هەمان کاتدا دەیان شتی ناڕاست و دروستکراو دەگوێزنەوە بۆ ناو نوسینەکانیان، هەموو ئەمانە بۆ ناشیرینکردنی مێژووی ئیسلامە، چونکە دەزانن مێژووی ئیسلامی سەرچاوەیەکی پەند و ئامۆژگاری و پەروەردەیی خەڵکی موسڵمانە و لە هەمان کاتدا موسڵمانان وەك سەرچاوەیەکی بانگەواز سودی زۆری لێوەردەگرن. (د.عماد الدين خليل، حول اعادة كتابة التاريخ الاسلامي، ص10).

هەشتەم/ وەعز و واعیزەکان: واعیزەکان لەکاتی وەعزو ئامۆژگاری موسڵماناندا دەیان چیرۆك و ڕوداوی ئەفسانەیی و بێ بنەما بەناوی مێژووی ئیسلامەوە دەگێڕنەوە بۆ ورژاندنی خەڵکی سادەو نەخوێندەوار و بۆ ڕازاندنەوەی وەعزەکانیان و گەورەکردنی خۆیان، نازانن کە ئەو چیرۆکانە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ناشیرنکردنی دین و لەهەمان کاتدا گێڕانەوەی درۆ حەرامە و پێغەمبەر (د.خ) هەڕەشەی توندی کردووە لەوانەی درۆ بەدەمیەوە دەگێڕنەوە، دەیان چیرۆکی دروستکراو بەناوی پێغەمبەر و هاوەڵان و هەزراران ئیسرائیلیات بەناوی تەفسیری قورئان و بەسەرهاتی پێغەمبەرانی پێشووەوە باس دەکەن بێئەوەی ئەو چیرۆکانە بنەمای ڕاستیان هەبێت.

دەیان چیرۆکی وەك هاوەڵانی پێغەمبەر ژنیانیان بۆ یەکتری تەڵاقداوەو هەموویان برسیان بووەو بەردیان بەستوە بە سکیانەوەو عومەری کوڕی خەتاب کچی خۆی زیندەبەچاڵ کردووەو عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نان و خواردنی خۆشی لەسەرخۆی حەرامکردووەو ئەمانەو سەدانی تر ڕۆژانە دەدەن بەگوێی موسڵماناندا، ئەم واعیزە نەخوێندەوارانەش کاریگەری زۆریان بووە لە شێواندنی مێژووی ئیسلامی.

نۆیەم/ ڕۆژهەڵاتناسان: ڕۆژهەڵاتناسان زۆریان لەبارەی مێژووی ئیسلامەوە نوسیوە، هەندێکیان بە مەبەست کاریان لەسەر شێواندی مێژووی ئیسلام کردووە، هەندێکیان بێلایەنانە لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە، بەڵام بەزۆری ڕۆژهەڵاتناسان بەمەبەست بێت یان نا لە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەکاندا بەشێوەیەکی زانستی مامەڵەیان نەکردووەو زیاتر پشتیان بە گێڕانەوەی لاواز و هەڵبەستراو بەستوە، ئەو بابەتە لاوازانەی خزمەت بە بیر و ڕێبازی ئەوان دەکات گواستویانەتەوە، بە تایبەتی لە مێژووی قورئان و سونەت و ژیانی پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵاندا زۆر جەختیان کردوەتەوە لەسەر سەرچاوە لاوازەکانی مێژووی ئیسلامی، بە تایبەتی سەرچاوەی دەستە و گوروپە لادەرەکانی(الملل والنحل) مێژووی ئیسلامی. د. اسماعيل علي محمد، الاستشراق بين الحقيقة والتضليل، ص 135). بە دواوە. هەروەها بڕوانە: (محمد قطب، كيف نكتب التاريخ الاسلامي، ص12-13).

هەرچەندە زۆرێك لەوانەی بۆ مەبەستی سیاسی و ئایدۆلۆژی کار لەسەر شێواندنی مێژووی ئیسلامی دەکەن زیاتر پشت بە دانراوی ڕۆژهەڵاتناسان دەبەستن بە بیانوی ئەوەی لێکۆڵینەوەی زانستین و لەلایەن کەسان و دامودەزگای ئەکادیمیەوە ئامادەکراون، بەڵام زۆرێك لەو سەرچاوانە بێلایەنانە نەنوسراون و بەشێوەیەکی زانستی مامەڵەیان لەگەڵ سەرچاوەکاندا نەکردووە، بۆیە ناکرێت بکرێنە سەرچاوەی زانستی باوەڕپێکراو بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی ئیسلامی. أ.د. محمد أمحزون، منهج دراسة التاريخ الاسلامي، ص 15-17).

**5- میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژووی ئیسلامی**

مێژووی ئیسلامی تەنها تۆماری کۆمەڵێك ڕووداوی ئاسایی نیە، بەڵکو مێژووی دین و عەقیدە و شەریعەتە، بابەتەکانی تایبەت بە پێغەمبەرانەوە بە تایبەتی لە تەفسیری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا بەهیچ جۆرێك نابێت ئاسانکاری تێدا بکرێت، چونکە تایبەتە بە پێغەمبەرانەوە کە یەکێکە لە بنەماکانی عەقیدەی ئیسلامی، لە زۆر ڕیوایەتی ئیسرائیلی و خورافیدا هاتووە کە گوایە فڵان پێغەمبەر دڵداری و ئەڤینی کردووە، ئەمە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ ڕەوشتی پێغەمبەر و عیصمەتی پێغەمبەراندا یەکنایەتەوە، ئەم بابەتە بۆ ژیاننامەی پێغەمبەریش (السيرة النبوية) بە هەمان شێوەیە.

هەروەها بۆ قۆناغی هاوەڵانیش کە خوای گەورە تەزکیەیان دەکات و لای ئەهلی سونە بە کۆی دەنگ (أهل العدل: ڕاستگۆ و دادپەروەرن) بە هەمان شێوە ئەو مێژووەی دەنوسرێتەوە و وەردەگیرێت دەبێت لەوەرگرتنیدا ئەم مەنهەجە پەیڕەو بکرێت:

یەكەم/ گێڕەرەوە: ئەو كەسەی مێژووی ئیسلامی دەگێڕێتەوە یان دەنوسێتەوە دەبێتە بەپێی بنەماكانی زانستی فەرمودەو زانستی كەسناسی (علم الرجال) مامەڵەی لەگەڵ بكرێت، دەبێتە مەرجەكانی (الاسلام، العدل، الچبگ، العقل) تێدا بێت، چونكە ناكرێت كەسێك تاوانبار بێت بە درۆ و خورافە و لە بیرچوونەوەو بكرێتە سەرچاوەی گێڕانەوەی ڕوداوە مێژووییەكان. (أ.د. محمد أمحزون، منهج دراسة التاريخ الاسلامي، ص20).

دووەم/ دەقەكە: ئەو دەقە مێژوویەی تۆمار كراوە دەبێت بەپێی بینش (التصور) و تەرازوی ئیسلامی هەڵبسەنگێرێ، چونكە ڕوانین ئیسلامی جیاوازە لە ڕوانینی مادی و یان ماركسی یان هیگڵی بۆ مێژوو، بینشی ئیسلامی بڕوای بە جیهانی غەیب و دەستی پەروەردگار لە ڕوداوەكان و سونەتی خوایی لە ڕوداوەكانی گەردوندا هەیە، گۆڕینی مرۆڤایەتی لەسەرەتاكانی فتوحاتی ئیسلامیەوە لە ماوەیەكی پێوانەیی كەمدا لە بتپەرستیەوە بۆ خواپەرستی، بەتایبەتی لەلایەن گەلێكی نەخوێندەواری وەك عەرەبی ئەو ڕۆژگارەوە، بێگومان ئەوە هاوكارییەكی خوایی لەگەڵدایە، ئەی بۆ هیچ یەكێك لە ئیمپراتۆریەتی فارسی و ڕۆمانی نەیانتوانی ئەو كارە گرنگە بكەن.

هەروەها هەر دەقێكی مێژوویی بریندارکردنی پێغەمبەران و هاوەڵانی پێغەمبەر تێدابێت وەرناگیرێت، یان بریندارکردنی ئیمامە گەورەكانی مێژووی ئیسلامی، هەرچەندە جگە لە پێغەمبەران كەس بێهەڵە (معصوم) نیە، بەڵام هەندێ گێڕانەوەی مێژووی جێگەی گومانن و لەگەڵ ڕەوشت و ئاكاری ئیمانداری ڕاستەقینەی خاوەن زانست یەكنایەتەوە جێگەی لێكۆڵینەوەی زۆرە. (د.محمد بن صامل السلمي، منهج كتابة التاريخ الاسلامي، ص 88-89).

سێیەم/ بێلایەنی نوسەر: لێكۆڵەری ئەكادیمی دەبێت زۆر بێلایەنانە ڕوداوەكان تۆمار بكات شوێن حەزو ئارەزوی خۆی نەكەوێت و (أهل أهواء) نەبێت، با ڕوداوەكان با بەخواستی ئەویش نەبن، چونكە لە كۆندا دەستەو گروپە لادەرەكان زۆر شتی ناڕاستیان تێكەڵی مێژووی ئیسلامی كردووە، زۆرجار بە پاڵنەری مەزهەب و كەسێكی دیاریكراو گێڕانەوەو ڕوداوی دروستكراو كراوەتە مێژوو، بە تایبەتی لەدوای دەركەوتنی شیعە و مەسەلەی ئیمامەت و كێ لە پێشترە ببێتە ئیمام، لەم پێناوەشدا دەیان چیرۆكی ناڕاست و گێڕانەوەی بێبەنما دروستكرا بۆ بەهێزكردنی مەزهەب و بۆچوونەكانیان. (د.محمد صامل السلمي، منهج كتابة التاريخ الاسلامي وتدريسه، ص 25-252).

لەدوای ململانێی و شەڕەكانی خاچدروشمان و ئەو سەركەوتنانەی سوپای موسڵمانان زیاتر هەوڵی ناشیرینكردنی موسڵمانان و مێژووی ئیسلامی دراوەو دەیان كتێب بۆ ئەو مەبەستە نوسراوە.

لە سەدەی نوێشدا بەهۆی ململانێی بەرەی ئیسلامخواز و بەرەی چەپ و عەلمانی هەوڵێكی چڕ و بەردەوام هەیە بۆ ناشیرینكردنی مێژووی ئیسلامی، چونكە ئەو مێژووە یەكێكە لەو سەرچاوە بانگەوازیانەی خەڵكی موسڵمان سودی زۆری لێوەردەگرێت لە وەعز و گوتار و بانگەوازدا، بۆیە بەرەی دژ زۆر هەوڵی ناشیرینكردنی ئەو سەرچاوە ڕەسەنە دەدەن.

لە هەمان كاتدا واعیز و گوتاربێژە موسڵمانانەكانیش زۆركات بۆ وروژاندنی بەرامبەر و سەرنج ڕاكێشانی خەڵكی سادە دەیان شتی ناڕاست و بێبەناما بەناوی مێژووی ئیسلامیەوە دەگێڕنەوە بێئەوەی بگەڕێنەوە بۆ كتێبە باوەڕپێكراوەكانی مێژووی ئیسلامی، وەك ئەوەی هاوەڵان هەموویان شەو و ڕۆژ لە برسا سكیان ئێشاوە و عومەری كوڕی خەتاب بە كۆڵ ئاردی بردووە بۆ خەڵكی هەژار و عومەری كوڕی عەبدولعەزیز هەر نان و پیازی خواردووە و ئەمانە و سەدان چیرۆكی نالۆژیكی تری لەو بابەتە.

دادگەری: ئەو كەسەی مێژوو دەنوسێتەوە دەبێت دادگەر بێت و بێ لایەنانە ڕوداوەكان تۆمار بكات، نابێت بكەوێتە ژێر كاریگەری هەواو ئارەزوی تایبەتی خۆیی و بەو پێوەرە ڕوداوەكان تۆمار بكات، هەروەها نابێت بە پاڵنەری مەزهەب و ئایدۆلۆژی تایبەتی خۆی ڕوداوەكات تەفسیر بكات، ئەگەر مێژوونووس بێلایەنی خۆی لەدەستدا و بەڕێبازی زانستی و ئەكادیمی ڕوداوەكانی تۆمار نەكرد ئەوە هەموو نوسین و لێكۆڵینەوەكانی جێگەی گومانن و وەرناگیرێن.

هەندێ جار لێكۆڵەری مێژوو دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە مێژوویە ڕەسەنەكانی وەك تەبەری ئیبنوكەسیری ...هتد، بەڵام فێڵێكی زۆر زیرەكانە دەكات و تەنها ئەو دێڕانە دەگوێزێتەوە كەلەگەڵ خواست و ئارەزوی ئەودا یەكدەگرێتەوەو یان پاش و پێش ڕستەكان دەقرتێنێ، هەروەها هەندێ جار تەنها گێڕانەوە لاواز و بێبنەماكان دەگوێزێتەوە كە كتێبە مێژووییەكان زۆر گێڕانەوەی لاوازی تێدایە و دوایش دەڵێت لە تەبەری و مەسعودی و ....هتد.. وەرگرتووە. (د.ابراهيم امين الجاف الشهرزوري، مناهج المحدثين في نقد الروايات التاريخية، م1ص 195-196. و د. أكرم ضياء العمري، منهج النقد عند المحدثين مقارنا بالمنهج النقدي الغربي، ص 35-36).

دووەم/ بابەتی بوون: بابەتی بوون واتە خۆداڕنینی مێژوونووس یان لێكۆڵەر لە هەموو حەز و ئارەزوە كەسیەكانی خۆی، نابێت بە سۆز و پاڵنەری فكری و بۆچوونی سیاسی خۆی تەفسیرە ڕوداوەكانی مێژوو بكات، بەڵكو دەبێت واتا و مەبەستی ئەو دەقە

مێژوویانە چۆنە بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، نابێت بڕیاری پێش وەخت بدات، یان پەنا بۆ تەئویلاتی خۆی ببات و چۆن خۆی حەز دەکات بەو شێوەیە تەفسیری ڕوداوەکان بکات.

زۆرکات لێکۆڵەری موسڵمان تەنها ڕووە جوانەکانی مێژوو دەگوێزێتەوەو شتە ناشیرینەکان ڕەتدەکاتەوە، لە هەمان کاتدا بەرەی نەیار تەنها هەوڵی زەقکردنەوەی شتە ناشیرینەکان دەدەن و بەو شێوەیە وێناو تەفسیری مێژووی ئیسلامی دەکەن کە خۆیان دەیانەوێت، بەڵام لە هەردوو بارەکەدا مێژوو دروستکراوی دەستی مرۆڤە، دەکرێت شتی جوان و ناشیرینی تێدابێت، بۆیە پێویستە لێکۆڵەر ڕێبازێکی زانستی پەیڕەو بکات و حەز و ئارەزوی خۆی تێکەڵی لێکۆڵینەوەی زانستی نەکات. (د. محمد صامل السلمي، منهج كتابة التاريخ الاسلامي، ص 133).

هەروەها لێکۆڵەرە موسڵمانەکان و نەیارەکانیش هاوسەنگی ناکەن لە نێوان ڕوداوە سەربازی و ململانێ سیاسیەکان و ئەو هەموو حزمەتە گەورەی موسڵمانەکان کردوویانە بە پرۆسەی خوێندن و زانست و ژیار و شارستانی، بەڵکو تەنها جەخت دەکەنەوە لەسەر ڕوداوە سەربازی و سیاسیەکان.

**6 -کۆتایی توێژینەوە**

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مێژووی ئیسلامی لە ڕۆژگاری خۆیدا نەنوسراوەتەوە، هەروەها ئەو گرنگیەی دراوە بە جەختکردنەوەی لە ڕاستی فەرمودەی پێغەمبەر و(د.خ) کەسی گێڕەرەوەو دەقەکە لەلایەن زانایانی فەرمودەناسیەوە، بەهەمان شێوە ئەو گرنگیە نەدراوە بە تۆماری ڕوداوە مێژوویەکان و ئاسانکاری کراوە لەلایەن مێژوونوسانەوە لە نوسینەوەی ئەو ڕوداوانەدا.

هەروەها کۆمەڵێك هۆی تر کاریگەریان هەبووە لەسەر شتی ناڕاست و چیرۆکی خورافی و ئەفسانەو شێواندن کە کەوتووتە ناو کتێبە مێژوویەکان لەلایەن دەستەو گروپە لادەرەکانەوە، لە هەمان کاتدا هۆنینەوەی دەیان هۆنراوەی میللی و تێکەڵکردنی بە پاڵەوانی ئەفسانەی ڕێگایەك بووە بۆ تێکەڵبوونی ئەو جۆرە خورافیاتانە بە ڕوداوە مێژوویەکان، هەروەها واعیز و گوتاربێژەکان دەیان ئیسرائیلیات و خورافەیان تێکەڵ بە تەفسیری قورئان و مێژووی ئیسلامی کردووەو ئەمەیش هۆیەکی تر بووە بۆ شێواندنی مێژووی ئیسلامی.

لەدوای دەرکەوتنی بزاڤی ڕۆژهەڵاتناسی و ئەنجامدانی دەیان لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی ئیسلامی و هەموو بوارەکانی تری زانستە ئیسلامیەکان و پشت بەستنیان بەسەرچاوەی دەستە و گروپە لادەرەکان و بە پاڵنەری ئاینی و سیاسی لە هەندێ کاتدا، ئەمانیش کاریگەری زۆریان هەبووە بۆ شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی مێژووی ئیسلامی.

لەسەردەمی نوێشدا بەهۆی ململانێی فکری و ئاراستەی سیاسی جیاوازەوە هەوڵی زۆر دراوە بۆ شێواندنی مێژووی ئیسلامی، چونکە بەرەی نەیار باش دەزانن کە مێژووی پڕ سەروەری ئیسلامی سەرچاوەیەکی گرنگی پەروەردە و پەند وەرگرتنی باشی بانگەوازە بۆ موسڵمانان بۆیە هەوڵی ناشیرینکردنی دەدەن.

لە ڕۆژگاری ئێستادا پێویستە مێژووی ئیسلامی بە میتۆدێکی زانستی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت و پاکبکرێتەوە لە هەموو ئەو بابەتە ناڕاستانەی تێکەڵاوی کراوە، بەبێ سۆزی لایەنگران و ئارەزوی نەیارانەکانی، لەم بوارەشدا میتۆدی زانایانی فەرمودەکانی پێغەمبەر (علماو العلم الحديپ) باشترین میتۆدە بۆ نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی و هەڵسەنگاندنی گێڕەرەوەکان و ڕەخنەی دەقە مێژووییەکان، بۆ ئەوەی هەموو گێڕەوە لاوازەکان و دەقە ناڕاستەکان لە ڕاستەکان جیابکرێتەوە.

**-3 سەرچاوەکان**

**القرآن الكريم.**

1ـ ابراهيم أمين الجاف الشهرزوري، الدكتور، مناهج المحدثين في نقد الروايات التاريخية للقرون الثلاثة الأولى، الطبعة الاَولي 2014م، دار القلم- دبي.

2ـ أبواليزيد أبو زيد العجمي، الدكتور، القران الكريم وتنمية الوعي بالتاريخ، الطبعة الأولى 1431هـ2010م، دار السلام، مصر- الاسكندرية.

3ـ أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، فتح الباري بشرح صحيح البخاري، التحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي و محب الدين الخطيب، الطبعة الأولى 1407هـ1986م، دار الريان- القاهرة.

4ـ أديب ابراهيم الدباغ، حركة التاريخ بين النسبي و المطلق، الطبعة الأولى 1407هـ198م، مطبعة الزهراء- الموصل.

5ـ اسماعيل علي محمد، الدكتور، الاستشراق بين الحقيقة والتضليل، الطبعة السادسة 143هـ 2014م، دار الكلمة- القاهرة.

6ـ أكرم ضياء العمري، الدكتور، منهج النقد عند المحدثين مقارنا بالمنهج النقدي الغربي، الطبعة الأولى 1417هـ1997م، دار أشبيليا- الرياض.

7- أكرم محمد زيادة الفالوجي الأثري، ترسيخ المدخل الي علم التاريخ، الطبعة الأولى 1426هـ 2005م، الدار الأثرية، عمان= الاردن.

8- إمام الشافعي محمد حمودي، الدكتور، الَاحادبث التاريخية للنبي دراسة تاريخية منهجية، الطبعة الأولى 2017م، دار الخليج- الاردن.

9- جلال الدين عبدالرحمن السيوطي، الامام، الشماريخ في علم التاريخ، التحقيق: عبدالرحمن حسن محمود، الطبعة الأولى 1411هـ1991م، مكتبة الآداب- القاهرة.

10- جمال عبدالهادي محمد مسعود، الدكتور. و د. وفاو محمد رفعت جمعة، الدكتورة، أخطاء يجب أن تصحح في التاريخ منهج كتابة التاريخ الاسلامي كيف ولماذا، الطبعة الثالثة 1414هـ 1994م، دار الوفاء- القاهرة.

11- سيد قطب، في التاريخ فكرة ومنهاج، الطبعة الثامنة 1422هـ2001م، دار الشروق، بيروت- لبنان.

12- سيد قطب، في ظلال القرآن، الطبعة السابعة والثلاثون 1429هـ 2008م، دار الشروق- بيروت.

12- سيدة اسماعيل كاشف، الدكتورة، مصادر التاريخ الاسلامي ومناهج البحث فيه، الطبعة الثانية 1403هـ 1983م، دار الرائد العربي، بيروت- لبنان.

13- عبد الرحمن بن محمد بن خلدون، مقدمة ابن خلدون، بدون عدد الطبع ولا تاريخ النشر، دار الجيل بيروت – لبنان.

14- عبدالعزيز الدوري، الدكتور، نشأة علم التاريخ عند العرب، الطبعة الأولى 1420هـ 2000م، مركز زايد للتراث والتاريخ.

15- عبدالعليم عبدالرحمن خضر، المسلمون وكتابة التاريخ دراسة في التأصيل الاسلامي لعلم التاريخ، الطبعة الأولى 1415هـ 1995م، المعهد العالمي للفكر الاسلامي.

16- عمادالدين خليل، الدكتور، التفسير الاسلامي للتاريخ، الطبعة الثالثة 1401هـ1981م، دار العلم للملايين، بيروت- لبنان.

17- عمادالدين خليل، الدكتور، حول اعادة كتابة التاريخ الاسلامي، الطبعة الأولى 1426هـ2005م، دار ابن كثير- دمشق.

18- عمادالدين خليل، الدكتور، في التاريخ الاسلامي فصول في المنهج والتحليل، الطبعة الأولى 1401هـ1981م، المكتب الاسلامي- دمشق.

19- محمد أمحزون، الدكتور، منهج دراسة التاريخ الاسلامي، الطبعة الأولى 1432هـ2011م، دار السلام، القاهرة.

20- محمد بن اسماعيل البخاري، صحيح البخاري، ترتيب محمد فؤاد عبدالباقي، الطبعة الأولى 1425هـ 2004م، دار ابن الهيثم- القاهرة.

21- محمد بن عبدالرحمن السخاوي، الإعلان بالتوبيخ لمن ذم أهل التاريخ، التحقيق: فرانز روزنثال، ترجمة الدكتور صالح احمد العلي الطبعة الأولى 1407هـ 1986م، مؤسسة الرسالة-بيروت.

22- محمد صامل السلمي، الدكتور، منهج كتابة التاريخ الاسلامي، الطبعة الأولى 1429هـ، دار ابن الجوزي- السعودية.

23- محمد صامل السلمي، الدكتور، منهج كتابة التاريخ الاسلامي وتدريسه، الطبعة الأولى 1408هـ 1988م، دار الوفاء- القاهرة.

24- محمد عثمان الساعاتي، الدكتور، المدخل الي التاريخ الاسلامي، الطبعة الثانية 1412هـ 1992م، دار النفائس، بيروت- لبنان.

25- محمد قطب، كيف نكتب التاريخ الاسلامي، الطبعة الأولى 1415هـ1996م، دار الشروق، بيروت – لبنان.

**گۆڤار و بڵاوكراوەكان**

26- سەروەر پێنجوێنی، داگیرکردنی شارەزور، گۆڤاری دابڕان، ژمارە (4)ی ئەیلولی 2016.

**Thee Methedology of Dealing with Islamic History**

**Muhammed Salih**
College of Islamic Sciences / University of Sulaimani

**Abstract**

After writing this research the researcher has concluded that Islamic history was not written in its time, but wrote in the second and third century of migration, writing events after more than a century on it must occur increase and decrease, however, historians did not emphasize the validity of historical events He also stressed the modernists in proving the authenticity of the prophetic hadiths Sanad and Mtna duly and rules related to the health of the news.There are some other reasons that lead to the entry of fairy tales and false stories and put into Islamic history, because of rampant illiteracy in the Islamic society and the attempts of deviant Islamic groups, and after the Rashidi era conflict and internal tensions in the Islamic community, especially in the ladder of power and governance, and all these events and conflicts have an impact on Distortion of Islamic History .In the late ages, the Orientalist movement and contemporary intellectual trends and their attempts to research and study the Islamic history according to their whims and the lack of objectivity and methodology in their writings on Islam and Islamic history motivated intellectual and religious, all these works have an impact on the distortion of Islamic history and its facts.In our time it is time to write the Islamic history on the scientific method away from the whims and lack of objectivity depending on the original sources and achieve and purify it from all impurities and weak objects and placed.

.**Keywords:** methedology, Cultural Movement, Islamic history, science.

**منهج التعامل مع التاريخ الاسلامي**

**ئاراس محمد صالح**
كلية العلوم الاسلاميّة/ جامعة السليمانية

**ملخص**

بعد كتابة هذا البحث لقد توصل الباحث الي أن التاريخ الاسلامي لم يكتب في وقته، بل كتب في القرن الثاني والثالث للهجرة، كتابة الأحداث بعد مضي أكثر من القرن عليها لابد أن يقع فيه الزيادة والنقصان، ومع هذا فأن المؤرخين لم يشدد في اثبات صحة الأحداث التاريخية كما شدد المحدثون في اثبات صحة الأحاديث النبوية سندا ومتنا حسب الأصول والقواعد المتعلقة بصحة الخبر.

وهناك بعض الأسباب الأخرى يؤدي الي دخول الحكايات الخرافية والقصص الباطلة والموضوعة الي التاريخ الاسلامي، بسبب الأمية المتفشية في المجتمع الاسلامي ومحاولات الفرق الاسلامية المنحرفة، وبعد العهد الراشدي ظهر الصراع والمطاحنات الداخلية في المجتمع الاسلامي وبالأخص في سلم السلطة والحكم، وكل هذه الأحداث والصراعات لها تأثير في تشويه التاريخ الاسلامي.

وفي العصور المتأخرة ظهرت حركة الاستشراق والاتجاهات الفكرية المعاصرة ومحاولاتهم للبحث والدراسة عن التاريخ الاسلامي حسب أهوائهم وعدم الموضوعية والمنهجية في تأليفاتهم عن الاسلام والتاريخ الاسلامي بدافع الفكري والديني، وكل هذه الأعمال لها تأثير في تحريف التاريخ الاسلامي وحقائقه.

وفي عصرنا هذا حان الوقت للكتابة التاريخ الاسلامي علي المنهج العلمي بعيدا عن الأهواء وعدم الموضوعية بالاعتماد علي المصادر الأصلية وتحقيقها وتنقيتها من كل الشوائب والأشياء الضعيفة والموضوعة.

**الكلمات الدالة:** الحركة، العلم، الثقافة، التاريخ الاسلامي.